


# چەند سەرنجێك لەسەر گۆڕستانی چراکان بەفارسی

رەزا مەنوچەری

بەم دواییانە یەکێکی دی لە کۆمەڵە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. ئەو کۆمەڵە شیعرە تێکستی (گۆڕستانی چراکان)ە، کە شێرکۆ لە (2004)داو بەڕێگای دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوە بڵاویکردۆتەوە. هەروەك لە پێشەکیی وەرگێڕدراوە فارسییەکەیدا ئاماژەی پێکراوە، گۆڕستانی چراکان چارەنووسی گەلێکە کە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر

دەستی زۆڵە میلیشیا بەعسییەکان دەبران بۆ تۆپزاواو لەوێڕا بەزیل دەیانبردن بۆ ئەشکەنجەخانەکانی عەرعەر و نوگرەسەلمان، لەبیابانە ناکۆتاکانی عەرەبستاندا لەلایەن سەگە رەشەکانەوە پێشوازیی مەرگیان لێدەکرا.

وەرگێڕی گۆڕستانی چراکان واتە (رەزا کەریم مجاور) ناسراو بە (تاپۆ) ئەم دیوانە شیعرییەی لە دووتوێی کتێبێکی (135) لاپەڕەییداو بەتیراژی سێ هەزار دانەو بەڕێگەی (چاپەمەنیی پویان)ەوە بڵاوکردۆتەوە.

بێگومان وەرگێڕان پردێکە لەنێوان گەلانو کولتورە جۆراوجۆرەکاندا تاکو زۆرترو خێراتر بەیەکدی ئاشنابن. لەم نێوانەدا وەرگێڕانی ئەدەبو بەتایبەت شیعر دەتوانێت رۆڵی باڵای نزیکبوونەوەی کولتورەکان بگێڕێت. گەرچی هەندێك لەو بڕوایەدان شیعر وەرناگێڕدرێتو بڕوایان بە وەرگێڕانی شیعر نییە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە جگە لە وەرگێڕانی شیعر بۆ سەر زمانەکانی دیکە بەدیل یان ئەڵتەرناتیڤێك نییە، لەم روانگەیەوەو کەسانێك دەست دەکەن بە وەرگێڕانی شیعرو لەوانەیە نیازیان تۆکمەکردنی پردی پەیوەندیی ئەدەبیو رۆشنبیریی گەلان بێت، پێدەچێت گۆڕستانی چراکان لەچوارچێوەی ئەو نیازەدا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی فارسی. شیعر بەهۆی ئاوازی تایبەت، تەکنیکی شاعیرو داڕشتنەوەی ئەدەبی پێویستی بە لێوردبوونەوەیەکی فراوان دەبێت تاکو وێناکردنەکان، وشەو زاراوەکانو کێشانەوەی جوانی شیعرەکان وەك خۆیان یان بەلانیکەمەوە تاڕادەیەکی زۆر لە شیعری شاعیرەکە بچن.

کەریم مجاور لەهەندێك شوێندا ئەم خاڵانەی بەسەردا تێپەڕیوە یان رەچاوی وردەکارییەکانی نەکردووە، بۆ نموونە:

لەمدیوەوە با هەناوی کزەکانی هەموو دیاربێ...

بەمجۆرە کراوە بەفارسی

-تاکزین سوی

بەرویت بیاید

قلب نسیم های اوی-

یەك: ئاوازەکە تێکچووەو یەك رستەی شیعر بووە بە سێ رستەی شیعر.

دووەم: داڕشتنەوەی کوردییەکە لەگەڵ فارسییەکەیدا جیاوازە.

سێیەم: هەناوی کزەکانی بووە بە(قلب نسیم های اوی) گەرچی کزەبا هەیەو لەوانەیە نەسیم دروست بێت، بەڵام کزەیەکی دەردو ئازارو ژان هەیە، کە لەوەرگێڕانی فارسییەکەیدا ونبووە.

(پەلکە گیای غەمگین) کراوە بە(برگ های سوگوار) خۆی سەرج نییە، هەموو غەمگینییەك بۆ سوگواری بێت، یان پەلکە گیا بەتەنها بەرگ نییە، (برگ های سوگوار) بەرگی گیاییە یان دارو درەخت؟ ئەوە دیار نییە، یان پەلکە مانایەکی دیکە دەدات، کە لەفارسیدا دەبێتە گیسو، لێرەدا کۆمەڵێك ماناو وێنە ونبوون.

-(فانۆزێکی هیلاك) بووە بە(فانوسی رنجور) رنجور، مانای کزو لاوازو بێتوانایە، واتە لەفارسییەکەدا ئەو مانایە دەدات، کە فانۆزەکە کزەو بەدڵنیاییەوە کزە، بەڵام فانۆزێکی هیلاك لەوانەیە رۆژێك بەتوانا بووبێتو لەدواییدا هیلاك کرابێتو لەوانەیە لە دواڕۆژدا ببووژێتەوە.

-(بۆی بەستم) بووە بە(گریبان من اویخت) لە کوردییەکەدا باس لە گیرفانو هەڵواسین ناکرێت.

-هەر بە کراسی شیعرەوە

وەك پۆشاکی

چیای تەم لەدامێندا گرمۆڵە بوو

بووە بە:

باجامەگان شعر

بەسان جامەی قلەای

با دامنی سرشار ابرومە

لە کوردییەکەدا باس لەهەورو لێوانلێویو سەرڕێژبوون ناکرێت.

-وەك بەرگی گرە ژۆی

دارستانێکی کۆست کەوتوو

بووە بە:

بەسان برگ های برگریزان جنگهی منحوس.. لەهیچ شوێنێکی زمانی کوردیدا کۆست کەوتوو بەمانای ناپیرۆزو نەفرەتلێکراو و سەروپێی بەشەڕ نییە، دەڵێت دارستانەکە کۆستی کەوتووە نەك نەفرەتلێکراو و ناپیرۆزە سەر بەشەڕە، لەهەمانکاتدا ئاوازو وێناکەی تێکچووە.

-ئەسپ هاتە ناو شالاوی قادسییەو یەرموکەوەو

ئیتر نەڕۆی

لەفارسیدا بووە بە:

اسب میان یرموكو قادسیە غلتیدو برنگشت

لەشیعرە کوردییەکەدا باس لە گەوزاندن!و خولانەوە! ناکرێت، بەڵکو باس لەهاتنی ئەسپ دەکات.

-باز هاتە ناو ئەم ئاسمانی عەرەبەوە،

ئیتر نەڕۆی

بەفارسی: عقاب

در أسمان عرب

اوج گرفت

هیچ کە ئاوازو تەکنیکی شیعرەکە بەتەواوەتی گۆڕاوە لەفارسییەکەیدا باس لە بەرزبوونەوەی بازدەکات تاکو ئەوج واتە ترۆپكو لوتکە!

-گوێچکەی شیعرم

زۆر پوکە پوكو کرووزەو

ناڵەناڵی عومری خۆمی بیرچۆتەوە

بەڵام ئەوەی کە بەردەوام

لەناو گوێچکەی شیعری مندا

دێتو ئەچێو ئازارەو ئەزرنگێتەوە

زریکەی ژنە ئەنفال و کچەکانمەو
هەتا ئەمرم
ئەم کاروانی زریکەیە
هەردێت و دێ و دوایی نایەو
نابڕێتەوە

لەفارسییەکەیدا نوسراوە:
گوش شعر من
لا بە ونالەی عمر مرا
ای بسا
فراموش کردە است
انچە اما درون شعر من
مدام
در أمدو رفت و
طنین انداز است
فریاد زنان انفال و دختران من است و
پایانی بر أن نسیت.

هیچ کە ئاوازو تەکنیك جیاوازە، بەڵام پەڕینی هەتا ئەمرم-ئەم کاروانی زریکەیە- هەردێت و دێ و دوایی نایەو لەسەر چ بنەمایەکە دیار نییەو لەلایەکی دیکەوە (لەناو گوێچکەی شیعری مندا) کراوە بە (درون شعر من) لێرەدایە (گوێچکە) لەوەرگێڕانە فارسییەکەیدا بڕاوە.

-ئەو هەموو قاسپەی بەفرانەو
یەك بەیەکی ئەو گوڵ و ئەستێرەی دەشتانەو.....
بەمشێوەیە کراوە بەفارسی:
ان همە نغمەی سرد سیری را و
یکایك شبتاب های دشتها را

-باس لە بەفر کراوە نەك کوێستان و ناوچە ساردەکان و گوڵ ئەستێرەی دەشتانە مانای (شبتاب های دشتها) نادات. ئەم نمونانە چەند نمویەکی کەمن، کە بە بەراوردکردن لەگەڵ کوردییەکەیدا بەرچاو دەکەون، بێگومان نمونەی تـرو شـێوەی دی هەیـە، کـە ئەگـەر زۆرتـرو زەقتر نـەبن ئـەوە بەدڵنیاییەوە کەمتر نین. هەروەك لەسەرەتادا گوتم دەربارەی وەرگێڕان و بەتایبەت وەرگێڕانی شیعر باس و خواسی زۆر لەئارادایە، بەڵام وەرگێڕانەکان هەرچۆنێك بن و هەرچییەك بن لە شیعر کەمکردن و پەڕاندن و لێزیادکردن ڕێگا پێدراو و گونجاو نییە، چونکە هەریەك لەو نزیکبوونەوانە سەراپای شیعرەکە دەگۆڕێت یان راستتر بڵێین تێکیدەدات، یان ئاواز، تەکنیك، وێنەکان و داڕشتە شازەکان لێك هەڵدەوەشێنێت یان ئەوە دێتە ئاراوە کە ئەوانە شیعری دوو شاعیری جیاوازن.